هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق
مجلس الوزراء

حكومەتی هەرێمی كوردستان
حكومة إقليم كوردستان
KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT

## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (٧٨) لە ٢٠٢٠/١٠/٢١

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمووارکراو، و دوابەدوای بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران (١٣٢) لە ڕۆژی ٢٠١٨/١/١٧ و (٦٣) لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/١ و (٦٥) لە ٢٠٢٠/٧/٨، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٤٢) لە ٢٠٢٠/١٠/٢١، و لەسەر پێشنیاری بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە میانەی ئەو ڕاپۆرتەی خستیەڕوو لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران، و لە پێناوی ڕێکخستنەوەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان لە وەزارەت و دامەزراوەکانی حکومەت بە ئاڕاستەی ئاسانتر و خێراتر و نرخێکی گونجاو و پەیڕەوکردنی پرۆسەی ئەلیکترۆنی لە پێشکەشکردنی ئەم خزمەتگوزارییانە، بڕیاردرا بە:

١. ڕاسپاردنی وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی دڵنیایی جۆرییان بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرک و ڕاسپاردانەی کە لەلایەن پرۆگرامی خزمەت پێیان دەسپێردرێت بە سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

٢. بەڕێوەبەرایەتیی دڵنیایی جۆری لە وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت بە هەماهەنگی تیمەکانی پرۆگرامی خزمەت کاری پێویست ئەنجام دەدەن بۆ دیراسەکردنی سەرجەم ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشی خزمەتخواز دەکرێن سەرەڕای نوێکردنەوە و ڕاستکردنەوەی بەردەوامی ئەو زانیارییانەی لە پۆرتاڵی خزمەت (https://services.gov.krd) هاتوون و پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی مانگانە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی دڵنیایی جۆری سەبارەت بە ڕەوشی سەرجەم خزمەتەکان و جێبەجێکردنی سیستمی یەک پەنجەرەیی.

٣. ڕاسپاردنی سەرجەم وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت بۆ دیراسەکردنی سەرجەم یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییەکانی ڕاییکردنی مامەڵەی هاووڵاتییان و کەرتی تایبەت و وەبەرهێنەران بە ئاڕاستەی کەمکردنەوەی بازنەکانی ڕۆتین و ئاسانکاری گەیشتنی خزمەتەکان بە کەسی خزمەتخواز بە شێوەیەکی خێرا لە ڕێگەی لابردنی بەربەستە یاساییی و کارگێڕییەکان لەم بارەیەوە.

٤. وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت بەرپرسیارێتی نوێکردنەوەی زانیاریی پەخشکراو لە پۆرتاڵی پرۆگرامی خزمەت دەگرنە ئەستۆ و بەرپرسیاریشن لە ڕاست و دروستیی زانیاری و پرۆسەکانی گەیشتن بە

خزمەت و هاوتاکردنیان لەگەڵ ئەو زانیاری و پرۆسانەی بە کردارەکی لە فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکان جێبەجێ دەکرێن.

٥. بەرەودان بە ڕاهێنانی فەرمانبەران و کارمەندان لە بواری جێبەجێکردنی کردارەکی خزمەتەکان لە بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەکان لە چوارچێوەی پرۆگرامی خزمەت و پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان لەم ڕووەوە.

٦. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران